Komala Party – Iranian Kurdistan
Switzerland Committee

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی سویس

# گوزارشی بەڕێوەچوونی ڕێ و ڕەسمی نەورۆز لە وڵاتی سویس

ڕۆژی یەکشەممە ۲۰۰۸/۰۴/۱۴ لە شاری بووولاخ (Bülach) لە وڵاتی سویس، بە بەشداری زیاتر لە ۸۵۰ کەس لە کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و دانیشتووی وڵاتی سویس، ئاهەنگێکی گەورە و شکۆدار بە بۆنەی نەورزۆی ۲۸۰۷ی کوردی بەڕێوە چوو. ڕێکخەرانی ئەو ئاهەنگە بریتی بوون لە ٥ حیزبی کوردستانی:

١. یەکێتی نیشتمانی کوردستان
٢. کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٣. پارتی سوسیالیستی کوردستان
۴. حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران
٥. حیزبی شیوعی کوردستان

ئەم پێنج حیزبە کوردستانییە، لە ماوەیەک لەوە پێشەوە لە هەوڵدا بوون هەتا ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵ پێکەوە بگرن و بۆ ئەم مەبەستە لە دوو مانگ بەر لە نەورۆزەوە، چەندین کۆبوونەوەیان پێک هێنابوو و ئامادەکارییەکی باش بۆ ئەو ڕێ و ڕەسمە کرابوو.

مەڕاسمەکە سەعات چوار و نیوی پاش نیوەڕۆ بە سروودی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد. پاشان دەقیقەیەک بێدەنگی ڕاگیرا بۆ ڕێز گرتن لە یادی هەموو ئەو کەسانەی لە پێناو ڕزگاری گەلی کورد و جووڵانەوە کوردستان گیانیان بەخت کردووە. پاشان هاوڕێ فەرامەرزی سەجیم بەڕێوەبەری ڕێ و ڕەسمەکە و ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەری ئاهەنگی نەورۆز پارچە شێعرێکی پێشکەش کرد و بێدەنگییەکە شکێندرا. بە شوێن ئەوەدا بەڕێز کاک ڕەنج ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەری ئاهەنگی نەورۆز، پەیامی هاوبەشی ئەو پێنج حیزبە کوردستانییەی، بە بۆنەی نەورۆزەوە بە زاراوەی کوردیی سۆرانی خوێندەوە. دواتر بەڕێز کاک جەعفەر یەکێکی دیکە لە ئەندامانی کومیتەی بەڕێوەبەری ئاهەنگی نەورۆز، دەقی ئەو پەیامەی بە زاراوەی کوردیی کرمانجی بۆ بەشداربووان خوێندەوە. هەروەها دەقی ئەو پەیامە بە زمانی ئاڵمانی لە لایەن بەڕێز کاک ئاکۆ ئەلیاسی یەکێکی دیکە لە ئەندامانی کومیتەی بەڕێوەبردنی ئاهەنگی نەورۆز پێشکەش کرا. لە درێژەی

ئاهەنگەکـەدا پـەیامی پـارتی دیمـۆکراتی کوردسـتان لــە لایـەن بـەڕێز کـاک عـەزیز نامیق بەرپرسی لێژنەی ئەو پارتە لە وڵاتی سویس خوێندرایەوە .

دواتــر هەریــەک لــە هونەرمەنــدانی دەنگخۆشــی کوردســتان، نــووروو و فــەتێ، لۆکــە زاهیــر، ســیرووس ئیمــامی، عــەلی بــاران و ئــەیوب عــەلی، بــە هونــەری گــۆرانی و دەنگــی خۆشــیان بــە یارمــەتی تیپــی مۆســیقا مەڕاســمەکەیان ڕازانــدەوە و کــەش و هەوایــەکی تایبەتییانــدا بــە مەڕاســمەکە. لــە درێــژەی ڕێ و ڕەســمەکەدا، هــاوڕێ فەرامــەرز ســەجیم چەنــدین شــێعری بــە بۆنــەی نــەورۆزەوە پێشکەش کرد کە لە لایەن بەشداربووانەوە پێشوازی گەرمی لێدەکرا.

ڕێ و ڕەســمە هــەتا ســەعات ١٢ شــەوی بــەردەوام بــوو و لــەناو ســەر و دڵخۆشــی بەشــداربوواندا بــە ســەرکەوتووی کۆتــایی پێهــات. شــایانی باســە، هــاوەدەنگی و یــەکگرتوویی ئــەو پێــنج حیزبــەی کوردســتانییە بــۆ بــەڕێوە بردنــی ئــەو ئاهەنگــە بــۆ بەشــداربووان جێگــەی ســەرنج بــوو و ببــوو بــە مایــەی ســەر و دڵخۆشی زیاتریان.

## کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
## کومیتەی سویس
## ١٥/٠٤/٢٠٠٨

ئەمە دەقی پەیامی ئەو پێنج حیزبە کوردستانییەیە:

پەیامی پێنج حیزبی کوردستانی بە بۆنەی نەورۆزی ٢٨٠٧ی کوردی

بــەڕێــزان، خوشــک و برایــانی خۆشەویســت، پــارت و لایەنــە کوردیــەکان، میوانــە بــەڕێزەکان، بــە بۆنــەی جــەژنی نــەورۆز و ســەری ســاڵی نــوێی کــوردی، لــە لایــەن کومیتــەی بەڕێوەبــەری ئاهــەنگی نــەورۆز، گــەرمترین پیرۆزبــایی لــە ئێــوەی بــەڕێز و هــەموو پــارت و لایــەن و کۆمەڵــە کوردیــەکان و گــەلی کــورد لــە هــەر چــوار پارچــەی کوردســتان و کــوردانی دانیشــتووی سویســرا وهەنــدەران دەکــەین. ئێمــە، پێــنج پــارتی کــوردی بــە پێویســتمان زانــی نــەورۆزی ئەمســاڵ بــەم شــێوەیە و بــەم ئاهەنگــە لــە گــەلی کــورد و هــەموو لایــەک پیــرۆز بکــەین و هــەروەها بــە باشــی دەزانــین لــە ڕێگــەی ئــەم ئاهەنگــە دەســتە جەمعیــەوە چەنــد پەیامێک بە کوردانی دانیشتووی سویسرا و هەموو لایەنەکان ڕابگەێنین.

یەکــەم پــەیامان ئەوەیــە کــە بــەڕێزان ئێمــەی پــارت و لایەنــە کوردیــەکن لــە هــەر چــوار پارچــەی کوردســتان زۆر بــە ئاســانی ئــەتوانین بیســەلمێنین کــە نــەک تــەنیا ئــەم ئاهەنگــە، بــەڵکوو هــەموو ئاهــەنگ و جــەژن و چالاکییــەک پێکــەوە

ئەنجام بدەین بە یەکگرتوویی و دوور لە خواست و ویستی تایبەتی حیزبی و یەک لایەنە کە جێگای خۆشی و ڕێز و ئارەزووی هەموو لایەکە.

پەیامی دووهەممان ئەوەیە کە سەرەڕای پارچە پارچەیی کوردستان کە دوژمنانمان پەیڕەویان کردووە و دەیکەن و هەتا ئەمڕۆش بۆ لە یەک ترازانی گەلی کورد هەوڵ دەدەن، ئەوە ئێمە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە سویسرا، لەگەڵ یەکتر کۆدەبینەوە و ئەم سنوورە دەستکردە دەشکێنین و خەونە وەنەوشەییەکانی گەلەکەمان دەهێنینە دی کە بریتییە لە یەکتر نزیک بوونەوە و تێکەڵاو بوونی زیاتر و لە یەک تێگەیشتنی زیاتر لە نیوانماندا.

پەیامی سێهەممان لەم ئاهەنگە بۆ دوژمنانی گەلەکەمانە و پێیان ڕادەگەیێنین کە ئێوە سەرسەخت و لاسار هەرچەندە بەردەوام بن لە پیلان و دوژمنکاریتان بەرانبەر بە گەلی کورد، خەیاڵتان خاوە و سەرتان دەدا لە تاشە بەردی یەکگرتوویی و یەکڕیزی گەلی کورد و هەرگیز ناتوانن ئەم خەیاڵە گڵاوەتان بێننە دی.

پەیامی چوارەممان ئەوەیە کە داوا لە هەموو لایەک دەکەین کە کار و چالاکییەکانمان بە هەموو شێوەیەک پتەو بکەین بۆ سەرکەوتنی زیاتری داوا ڕەواکانمان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و بە پێی پێویست ڕەچاوی ئەولەویەت و پێشهاتەکان بکەین. بە تایبەت کە ئەمڕۆ لە پارچەیەکی خۆشەویستی کوردستان کە کوردستانی باشوورە، لە دوای سەرهەڵدانەکانی بەهاری ١٩٩١ بەشێکی بەرچاوی لێ ئازاد کرا کە لە ژێر دەستی گەورەترین دیکتاتۆڕی سەردەم کە سەدام گۆڕ بە گۆڕ و دەست و دایرەکانی بوو و توانرا لەم پارچەیەدا بە خواست و ویستی شۆڕشگێڕانە و نەتەوایەتی و هاوکاری دۆستانمان بنیاتی زۆر شت بنێین کە خۆی لە حکوومەتی هەرێم و پاڕلمان و داموو دەزگا ئیداری و یاساییەکان دەبینێتەوە و لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ش، دوای هێرشی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ سەر دام و دەزگاکانی ڕژیمی سەدامی دیکتاتۆڕ و هەڕفانی لە ٢٠٠٣/٤/٩ توانرا گۆڕانکاری گەورە بێتە دی لەم پارچەیەدا، کە چەندین شوێن و ناوچە و شاری‌تر کە ئازاد نەکرابوون، وەک کەرکووک و شێخان و زەنگار و خانەقین و مەندەلی و ناوچەکانی دیکە کە ئەو کات ئازاد کران و هەوڵدرا تا حەدێک ئاسەواری تەعریب و تەبعیس و تەهجیر پاک کرێتەوە و بەشێکی بەرچاو لە ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر زێدی باب و باپیرانیان و جگە لە ئازاد کردنی ئەو ناوچانە، چەندین گۆڕانکاریی گرینگی دیکە و هەنگاوی‌گەورە لە لایەن سەرکردایەتی کورد لەم پارچەیە هەڵگیرا. هەروەها سەرکردایەتی کورد لەم پارچەیە توانی بەشداریی بەرچاو بکات لە دامەزراندنەوەی عێراقی فیدراڵ. چ لە داڕشتنی

دەستووری عێراقی فیدراڵ و چ لە بەشداری کردنی بەرچاویان لە بەڕێوە بردنی وڵات کە ئەمڕۆ سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ کوردە و جێگری سەرۆکی حکوومەتی عێراق کوردە و چەندین وەزیر و جێگری سەرۆکی پارڵمان و چەندین پارڵمانتاریشمان هەیە لە عێراقی فیدارڵ و سەرکردایەتی کورد توانیویەتی پێگەیەکی باش و گرینگ و بەرچاوی لە بەغداد هەبێ لە داڕشتنی بڕیاری سیاسی لە مەرکەز و نەهێڵین جاریکیتر گەلی کورد لە کوردستانی باشوور بە هیچ شێوەیەک مافی پێشێل بکرێت و هاونیشتمانی پلە دوو لە قەڵەم بدرێت و یان جاریکیتر بڕیاری کوشت و بڕ دژ بە گەلی کورد بدرێ. جگە لەوەش توانراوە لەم ماوەیەدا لە باشووری کوردستان بە دوژمنانمان بسەلمێنین کە گەلی کورد زیندووە و سەرەڕای هەموو ڕێگری و دەست تێوەردانی دوژمنانمان کە وڵاتەکەمانیان داگیر کردووە، دەتوانین خۆمان بەڕێوە بەرین و بنەما دیموکراتیکەکان پیادە بکەین. هەروەها توانیومانە بیسەلمێنین کە کوردستانی باشوور تاقە ناوچەی عێراقی فیدراڵە کە ئاشتی و برایەتی تێدایە و هەروەها بۆتە پێگەیەکی گرینگیش لە ناوچەکە و عێراق، بۆ بە دیموکراتیزە کردنی عێراق و ناوچەکە. هەر بۆیەش دەبینین ئەمڕۆکە چەندین وڵاتی زلهێزی جیهان کۆنسوولخانەی خۆیان لە هەرێمی کوردستان کردۆتەوە و ئەم هەریمە بووە بە جێگای چاو تێبڕینی هەموو لایەک بۆ بەکار هێنانی سەرمایەکانیان. لە هەمانکاتیشدا دوژمنانمان بەردەوامن بۆ زیاتر دژایەتی کردنی ئەم ناوچەیە و ئەم بەشە ئازاد کراوەی کوردستان بە مەترسییەکی گەورە دەزانن بۆ خۆیان. بە تایبەتی دوژمنی سەرسەختی گەلەکەمان ڕژیمی نەژاد پەرەستی تورکیە کە هەر ڕۆژە بە بیانوویەک هێزەکانی لە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان کۆدەکاتەوە و هەڕەشە لە دەستکەوتەکانمان دەکات. کەچی ئەم ڕژێمە لە هەموو لایەک باشتر دەزانێ کە زمانی ئاگر و ئاسن هیچی پێ ناکرێت، بۆیە لەسەری پێویستە دەست بە دیالۆگ و گفت و گۆ بکات بۆ دیتنەوەی چارەسەرێکی ڕاست و دروست بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی باکوور و ڕزگار کردنی گەلی تورکیش لەم تەنگەژە بەردەوامەی تێی کەوتووە چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی سیاسی. بە تایبەتیش دوای ئەم هێرشە بێ بنەمایەی کە هەرێمەکانی کوردستانی بەزاندووە و ئەم تەنگەژەیە بۆ دەوڵەتی تورکیە گەورەتر بووە، لەبەر ئەوەیکە تورکیە داوا دەکات بچێتە ناو یەکێتی ئوروپاوە، بەڵام بە بێ چارەسەر کردنی کێشەی کورد ئەوەی بۆ ناکرێ. هەروەها پێویستە دەوڵەتی تورکیە دژایەتی هەرێمی کوردستانی باشوور نەکات و کۆتایی بێنێ بە پیلانگێرییەکانی .

ئازیزان، لە لایەکی دیکەوە حکوومەتی ئێران کە ئێستا بە هۆی هەڵوێستیەوە لەسەر پیتاندنی چەکی ناوکی و ئەتۆمی و گوێنەدانی بە

پڕەنسیبەکانی دەزگای وزەی جیهانی زیاتر لە هەموو کاتێک دژایەتی لەگەڵ خواستی جیهانی دەکات و هەروەها بە هۆی پشتیوانی کردنی لە تاقم و گرووپە توندڕەوە تیرۆریستیەکان لە هەموو جیهان و دەست تێوەردانی لە کار و باری وڵاتان و بە تایبەتیش لە کار و باری عێراق و کوردستانی فیدراڵ لە جیهاندا ناسراوە، ماوەیەکە بە بیانووی نادروست تۆپبارانی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دەکات و زەرەر و زیانێکی گەورەی گەیاندۆتە ئەو ناوچە سنووریانە و ئەمانە و چەندین هەڵوێستی توندڕەوانەی‌تریان وایکردووە هەرچی زۆرتر لە جیهان دابڕێن و یان بەرەو بەرەوڕووبوونەوەیەکی سەربازییانە هەنگاو بنێن بە تایبەتی لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکان بە سەرپەرەستی ئەمریکا. بۆیە لێرەدا لە سەر هەموو لایەکمان پێویستە بە جەدی ئەم دۆخە لەبەر چاو بگرین و هەوڵوێستێکی ڕاشکاوانەمان هەبێت بەرانبەر بەم حکوومەتی ئێران .

لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتی سوریا ماوەیەکە دەستی داوەتە زەبر و زەنگ بە کار هێنان بەرانبەر بە گەلەکەمان و بە شێوەیەکی بەرچاو چەندین کاری نابەجێی ئەنجام داوە، وەک کارەساتی قامیشلۆ کە دەیان ڕۆڵەی گەلەکەمان تێیدا شەهید کران و دەیانی‌تر بریندار کران و دەیانی‌تر ڕاپێچی زیندانە تاریکەکانی بەعس و دام و دەزگا ئەمنیەکان کراون و چەندین کەسیان تا ئەمرۆ بێ سەر و شوێنن. هەروەها لە نەورۆزی ئەمساڵیشدا ڕژیمی سوریا بە بیانووی ڕێگە گرتن لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە حەسەکە و قامیشلۆ و چەندین شوێنی‌تر جنایەتیان خوڵقاند. ئەمە دڕەندەیی ئەم ڕژیمانە نیشان دەدات کە چەندە سەرسەخت و دڕەندەن دژ بە خۆشی و خواست و ویستی گەلەکەمان. بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە هەوڵ بدەین بۆ پتەو کردنی ناو ماڵی کوردی و پێویسە لە هەڵوێستەکانماندا یەکگرتوویی و یەکڕیزی ڕەچاو بکەین کە ئەمڕۆ ئێمە کاری بۆ دەکەین .

بەڕێزان، لە کۆتاییدا، سەری ڕێز و نەوازش دادەنەوێنین بۆ شەهیدانی سەربەرزی گەلەکەمان بە تایبەتی شەهیدانی ئەم دواییەی گەلەکەمان لە قامیشلۆ و حەسەکە و حەکار و باقی ناوچەکانی‌تر. ئێوەی بەڕێزیش جەژنتان پیرۆز بێت و هەر سەر بەرز و سەرکەتوو بن.

**کومیتەی بەڕێوەبەری ئاهەنگی نەورۆزی ٢٨٠٧ی کوردی**

١. یەکێتی نیشتمانی کوردستان
٢. پارتی سوسیالیستی کوردستان
٣. حیزبی شیوعی کوردستان
۴. حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
۵. کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران








**Web:** www.komala.org
**Web:** http://komala1348swiss.blogspot.com/
**E-Mail:** komala.suisse@yahoo.de
**Tel:** 0041 76 50 16 106